تۆوێکی بچووك، چیرۆکی وانگاری ماتای

Ett litet frö: berättelsen om Wangari Maathai

Nicola Rijsdijk
Maya Marshak
Agri Afshin

kurdiska (sorani) / svenska

nivå 3

(utan bilder)

له گوندێك له دامێنی چیای کینیا له ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا، کچێکی بچووك لەگەڵ دایکی لەسەر کێڵگەکانیان کاریان دەکرد. ئەو ناوی وانگاری بوو.

. . .

I en by vid foten av berget Mount Kenya i Östafrika arbetade en liten flicka på fälten med sin mamma. Hennes namn var Wangari.

وانگاری پێی خۆش بوو لە دەرەوە بێ. خێزانەکەیان بێستانێکیان لە بەر ماڵێ هەبوو. ئەو بە چەقۆیەکی گەورە زەوییەکەی دەکێڵا و تۆوی بچووکی دەخستە ناو زەوییە گەرمەکەوە.

. . .

Wangari älskade att vara utomhus. I hennes familjs trädgårdsland vände hon jorden med sin machete. Hon stack ned små frön i den varma jorden.

بەلای ئەوەوە خۆشترین کاتی ڕۆژ، دوای خۆر ئاوابوون بوو. کاتێك هەوا تاریك دەبوو کە ئیتر نەدەکرا گژوگیا ببینێ، دەیزانی کە ئیتر کاتی ئەوەیە بگەڕێتەوە ماڵەوە. ئەو بە باریکەڕێی ناو کیڵگەکاندا دەڕۆی و لە ڕووبارەکان دەپەڕییەوە، بەرەو ڕێگای خۆی.

. . .

Hennes favorittid på dagen var strax efter solnedgången. När det blev för mörkt för att se växterna visste Wangari att det var dags att gå hem. Hon följde de smala stigarna genom åkrarna och passerade över floder medan hon gick.

وانگاری کچێکی زیرەك بوو و دەیهەویست بچێت بۆ قوتابخانە. بەڵام دایك و باوکی پێیان خۆش بوو لە ماڵ بمێنێتەوە و یارمەتییان بدات. کاتێك تەمەنی بوو بە حەوت ساڵ، برا گەورەکەی، دایك و باوکی رازی کرد کە رێگەی وانگاری بدەن بۆ قوتابخانە بڕوات.

. . .

Wangari var ett intelligent barn som längtade efter att börja skolan. Men hennes mamma och pappa ville att hon skulle stanna hemma och hjälpa dem. När hon var sju år gammal övertalade hennes storebror deras föräldrar att låta henne börja skolan.

ئەو حەزی لە شت فێربوون بوو! وانگاری لەگەڵ هەر کتێبێك کە دەیخوێندەوە زیاتر و زیاتر شت فێردەبوو. ئەو لە بەر زیرەکیان لە قوتابخانە بانگهێشتیان کردە ئەمریکا بۆ خوێندن. وانگاری زۆر خۆشحاڵ بوو! ئەو دەیهەویست شتی زیاتر لە بارەی جیهانەوە فێر بێت.

. . .

Hon gillade att lära sig saker! Wangari lärde sig mer och mer för varje bok hon läste. Hon gjorde så bra ifrån sig i skolan att hon blev inbjuden att studera i USA. Wangari blev så glad! Hon ville lära sig mer om världen!

وانگاری لە زانکۆی ئەمریکا زۆر شتی نوێ فێر بوو. ئەو لە بارەی رووەکەکانەوە دەیخوێند و بزانیت چۆن گەورە دەبن. هەروەها بیری ما بوو کە خۆی چۆن گەورە بووە: چۆن لە گەڵ براکانی لە ناو دارستانە جوانەکانی کینیا یاری دەکرد.

. . .

På det amerikanska universitet lärde sig Wangari många nya saker. Hon studerade växter och hur de växer. Och hon kom ihåg hur hon hade växt upp själv: med lekar och bus med sina bröder i skuggan av träden i de vackra kenyanska skogarna.

ئەو دەیزانی هەرچەند زیاتر شت فێر بێ، هەستی خۆشەویستی بۆ خەڵکی کینیا زیاتر دەبێت. ئەو دەیهەویست ئەوان خۆشحاڵ و ئازاد بن. لە گەڵ زیاتر فێر بوونی، زیاتر بیری وڵاتەکەی خۆی لە ئەفریقیا دەکردەوە.

. . .

Ju mer hon lärde sig, desto mer förstod hon att hon älskade folket i Kenya. Hon ville att de skulle vara glada och fria. Ju mer hon lärde sig, desto mer kom hon ihåg sitt afrikanska hem.

کاتێك ئەو لە خوێندن تەواو بوو، گەڕایەوە بۆ کینیا. بەڵام وڵاتەکەی گۆڕانکاری بە سەردا هاتبوو. زەوی و زارە گەورەکان سەرتاسەری وڵاتیان داگرتبوو. ژنەکان داریان نەبوو کە ئاگر بکەنەوە و خواردن دروست بکەن. خەڵك هەژار بوون و منداڵەکانیش برسی بوون.

. . .

När hon hade avslutat sina studier, återvände hon till Kenya. Men hennes land hade förändrats. Stora åkerbruk sträckte sig över marken. Kvinnor hade ingen ved att göra brasor till sin matlagning. Folk var fattiga och barnen var hungriga.

وانگاری دەیزانی کە دەبێ چی بکات. ئەو ژنەکانی فێر کرد کە چۆن لە تۆوە چکۆلەکان دار بڕۆێنن. ژنەکان دارەکانیان فرۆشت و پارەکانیان بە باشی بۆ خێزانەکانیان بەکار هێنا. ئەوان زۆر خۆشحاڵ بوون. وانگاری وای لێکردن کە هەست بە بەهێزی و دەسەڵاتداری بکەن.

. . .

Wangari visste vad hon skulle göra. Hon lärde kvinnorna att plantera träd från frön. Kvinnorna sålde virket och använde pengarna att försörja sina familjer. Kvinnorna var lyckliga. Wangari hade hjälpt dem att känna sig kraftfulla och starka.

کات تێپەڕی و دارە نوێیەکان گەورە بوون و د دارستانیان لێ دروست بوو، رووبارەکانیش دووبارە بووژانەوە. چیرۆکی وانگاری بە هەموو ئەفریقیادا بڵاو بۆوە. ئەمڕۆ بە ملیۆن دار گەورە بوون بە هۆی تۆوی وانگارای.

. . .

Alltmedan tiden gick växte träden och blev skogar, och floderna började att rinna till igen. Wangaris budskap började att sprida sig genom hela Afrika. Idag har miljontals träd planterats från Wangaris frön.

وانگاری بە سەختی کاری کردبوو. خەڵکی هەموو دونیا کارەکەیان بەرز نرخاند و بە ناوبانگترین خەڵاتیان پێدا. پێی دەڵێن خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ. وانگاری یەکەمین ژنی ئەفریقیا بوو کە ئەو خەڵاتەی وەرگرت.

. . .

Wangari hade arbetat hårt. Folk över hela världen uppmärksammade henne, och gav henne en välkänd utmärkelse. Det heter Nobels fredspris, och hon var den första afrikanska kvinnan att någonsin få det.

وانگاری لە ساڵی 2011 کۆچی دوایی کرد، بەڵام ئێمە دەتوانین هەرکات چاومان بە دارێکی جوان کەوت، ئەومان بەبیر بێتەوە.

. . .

Wangari dog 2011, men varje gång vi ser ett vackert träd kan vi minnas henne.

Sagor för barn på svenska

berattelser.se

تۆوێکی بچووك، چیرۆکی وانگاری ماتای

Ett litet frö: berättelsen om Wangari Maathai

Skriven av: Nicola Rijsdijk
Illustrerad av: Maya Marshak
Översatt av: Agri Afshin (ckb), Anna Hewett (sv)

Denna saga kommer från African Storybook (africanstorybook.org) och vidarebefordras av Sagor för barn på svenska (https://berattelser.se/), som erbjuder sagor på många språk som talas i Sverige.

Detta verk är licensierat under en Creative Commons
Erkännande 4.0 Internasjonal Lisens.